# خەياڵاندنی واقيع، واقيعيەتاندنی خەياڵ

حەمەكەريم عارف
(سلێمانی)

هـەر دەقێـک «دنيـای نيشـانانی» تايبەتـی خـۆی دەئافرێنێـت و دەلالەتـی مانايـی تايبەتـی خـۆی بەرهـەم دێنێـت، هـەر دالێـک لـە زەينـی وەرگـردا مايـەی تەئويـل و ڕاڤەيەکـە، بۆيـە هـەر بەرهەمێکـی هونـەری، تەئويـل و ڕاڤـەی جۆراوجـۆر هەڵدەگرێت.

بنيـادی دەق و تێکسـتی ئەدەبی دەکاتە کۆمەڵێک پێوەنـدی دەروونـی نێـوان نيشـانەکانی دەق و تێکسـتەکە، بۆيـە بنيادگەرايـی ئەدەبـی هەوڵێکـە بـۆ ئاشـکرا کـردن و دۆزينـەوەی دنيـای نيشـانەکانی هـەر بەرهەمێکـی ئەدەبـی، واتـە دەکاتـە کەشـفی ڕەمـز و نيشـانە تازەکانـی ئـەو دەقـە و تێگەيشـتن لـە پێوەندييـە دەروونييەکانيـان (داخلـی)، کەواتـە خوێندنـەوە نـەک هـەر کەشـفی مانايـە، بەڵکـوو داهێنانـی مانـای تازەشـە.

خوێنـەر هەندێـک جـار، مانـای ئەوتـۆ دادەهێنێت کـە هەرگيـز بـە بيـر و خەياڵـی نووسـەرەکەدا نەهاتـووە و بەلايـدا نەچـووە، تازەبوونـەوەی دەق لەمـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، ئەفلاتـوون، دەق بـە منداڵێکـی سـێوی دەشـوبهێنێت کـە بابـی ناتوانێت يارمەتيـی بـدات، چونکـە نەماوە، ڕاسـتە دەق بابی نييـە، کـە لەدايـک دەبێـت بابـی دەمرێـت، بابـی خـۆی دەکوژێـت؛ دەق بـەدەم ڕاڤـە و تەئويلـی بەردەوامـەوە تـازە دەبێتـەوە.

تازەبوونـەوەی دەق و زەينـی ڕاڤـەکار ڕەگيـان لـە فرەمانابيدايـە، بۆيـە هيـچ نابێـت بـە زێدەگۆيـی

ئەگەر بگوترێ، خوێندنەوە نووسینە (مع وقف التنفیذ).

**

زمان، زمانی دەقی ئەدەبی بۆخۆی تەئویلی واقیعێکە، دەبێت خوێنەر کەشفی بکات. نیشانە (دال)، بۆیە نیشانەیە کە لەلایەن ڕاڤەکارەوە بە نیشانەی شتێکی دی دەژمێررێت، وشە، بۆیە نیشانەیە، چونکە دەلالەت لە مانایەکی دەرێی خۆی دەکات. لە دەقی فیلیڤانیدا، بابەت گرینگ نییە، بەڵکوو ئەدەبییەتی دەقەکە گرنگە، لێرەدا ئەو ئەنجامگیرییە گرنگە کە لە خوێندنەوەی خودی بەرهەمەکەوە هەڵدەهێنجرێت، نەک لە شیکردنەوەی زەمینە و مەرجە مێژووییەکانی پەیدابوونی دەقەکەوە، یان لە ژینامەی واقیعی و دەروونی نووسەری دەقەکەوە هەڵبهێنجرێت، تەنیا خودی دەقەکە، بابەتی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنە، واتە بابەتی گرینگ ئەدەبیەتە، هەر شتێکی غەیرەز ئەدەبی وەک لێکۆڵینەوەی زانستی، مێژوویی، بیوگرافیک، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، دەکەونە پەراوێزی کارەکەوە، بەتایبەتی لەلای فۆرمالیستەکان.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ڕێبازی کاری فۆرمالیستییەکان جیاکردنەوەی دەق بوو لە مێژوو. بۆ نموونە شەکلۆفسکی هەرجۆرە ڕاڤە و شرۆڤە و تەئویلێکی جڤاکی/ مێژوویی بەرهەمی هونەری ڕەت دەکردەوە، هەڵبەتە نکوڵی لەوە ناکرێت کە ڕەگی بەرهەمی ئەدەبی لە جۆرە واقیعیەتێکی هونەری بەدەر نییە، بەڵام میکارۆفسکی واتەنی بەهیچ جۆرێ بەرهەمی میکانیکی واقیع نییە، ئەمە پرۆژەیەکی زۆر ئاڵۆزە و لە ئەنجامی کارلێکی هونەرییانەی خەیاڵاندنی واقیع و واقعیاندنی خەیاڵ و بەیارمەتی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق دێتە ئاراوە، ئەمە بەو مانایەیە کە تەنیا لە ڕێگەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەقەوە، دەق دێتە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن، حەقیقەتی ئەدەبی/ مێژوویی، حەقیقەتی ئاڵۆزن، کە نەخش و ڕۆڵی بنەڕەتی لەو حەقیقەتانەدا، ئەدەبیەتی دەقەکەیە.

مەحاڵە لە ڕێگەی واقیعیەتی جیهانەوە، پەی بە جیهانی دەق ببرێت. بەپێچەوانەوە لە ڕێگەی واقیعیەتی دەقەوە پەی بە واقیعیەتی دنیا دەبرێت، کەواتە دەق لە میانی ژیانی نووسەرەوە نایەتە ناسین، بەپێچەوانەوە لەگینە لەبن دێڕی دەقدا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەی بە هەندێ لایەنی پەنهان و هونەرڕێنراوی ژیانی نووسەر ببرێت. لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیدا، ئەدەبیەت گرنگە کە ئامانج و ستراتیژی هەر دەقێکی فیلیڤانییە.

هونەر و سیحری هونەر لە تەکنیکدایە، واتە لە چۆنیەتی دەربڕیندایە، لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زماندایە، تا ئەم دەربڕینە ناباوتر بێت، زیاتر مایەی سەرنجە، بەکارهێنانی خوازەیی (مەجازی) وشە و زمان، لە دەقی ئەدەبیدا، دەبێتە مایەی بێدارکردنەوەی زەین و گەڕانی بەدوای دۆزینەوە و داهێنانی مانای تازەدا، هەر چۆنێک بێت مەبەست لە بەکارهێنانی تەکنیکی ناباو ئەوەیە کە جۆرە هەستێکی تازە و تایبەتی بەهێز بئافرێنێت کە ئەمە خۆبەخۆ مانای تازەی لێ دەکەوێتەوە و جۆرە ناباوییەتێکی لێ دەکەوێتەوە، زەرووڕەتی ناباوییەت لەوەدایە کە هەستی ڕاهاتن و خوو پێوەگرتن بسرێتەوە. بۆ نموونە لە چیرۆکدا دەشێت ناباوییەت لە ڕێگەی دەربڕینی گۆشەنیگای کارەکتەرەکانەوە، بەکارهێنانی زمانەوە، هەڵبژاردنی پلۆت و نەخشەوە، بێتەدی، هەڵبەتە نابێ ئەوەش لەبیر بکرێت کە کەرەستەی سەرەکی ئەدەبیات زمانە، بۆیە خودی زمانەکە گرنگ نییە، بەڵکوو چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان گرنگە،

ئیدی دۆزینەوەی ئەم چۆنیەتییە مەرجە بۆ هەڵسەنگاندنی هەر دەقێکی ئەدەبی. بۆ نموونە زمان لە ڕۆماندا ئەوزاری دەربڕین نییە، بەڵکوو بابەتی دەربڕینە، واتە ڕۆمان شێوە دەربڕینێکی ئەدەبییە، هەڵبەتە بابەتی هەر شیکردنەوەیەکی دەقی ئەدەبی، خودی دەقەکەیە، دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی چیرۆک زمانی تایبەتی خۆی هەیە، ئەم زمانەش بنیادێکی باڵاتر لە بنیادی زمانی ئاسایی هەیە.

ئەدەبیات بە زمان دروست دەکرێت، بەردی بناغەی ئەدەبیات زمانە، بەڵام لە زمان هێوەتر دەڕوات و زمانی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە و دادەهێنێت و نیشانان و دەلالەتان دەئافرێنێت تا پەیامی تایبەتی خۆی سادەتر و ڕەوانتر دەربرێت، ئەم پەیامە لە ڕێگەی زمانی ئاسایی، یان ڕۆژانەوە نایەتە دەربڕین و نیشاندان، واتە هەر دەقێکی هونەری زمانی تایبەتی خۆی بەرهەم دەهێنێت، بەم پێودانگە لە دەقی ئەدەبیدا، یەکانگیری وشە، مانا بە دەقەکە دەبەخشێت، دەق دەکاتە کەشفی ئیمکاناتی بێ کۆتایی زمان. بەرهەمی هونەری بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەمزی گشتی و تایبەتی، تێگەیشتن لەو بەرهەمە دەکاتە ڕەمزشکێنی، یان کردنەوەی ڕەمز و کۆدەکانی ئەو دەقە.

دیارە زمانیش وەک هەر دیاردەیەکی زیندوو لە گۆڕانی بەردەوامدایە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی بە حوکمی گۆڕانی بنەماکانی ژیان دەگۆڕێت، بۆیە نووسەری نەوەی نوێ ناتوانێت زمانی کۆن بەکاربەرێت؛ نە بیرکردنەوەی کۆن بە زمانی نوێ دێتە دەربڕین و نە بیرکردنەوەی نوێ بە زمانی کۆن دێتە دەربڕین، بۆیە دابڕان لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە لە کاری ئەدەبیدا نەک زەروورییە، بەڵکوو حەتمییە، هەڵبەتە پێوەندی دەقی ئەدەبی بە بنیادی زمانەوە دوو لایەنەیە، لە ئالییەکەوە سوود لە زمانی ئاسایی وەردەگرێت و لەلایەکی دیکەوە بە کۆمەکی ئەو زمانە، زمانێکی تازە و هونەری دەئافرێنێت، بەم پێیە ئەدەبیات زمانی هێما و ئاماژەیە. هەر چۆنێک بێت هونەر لە هەر ڕوویەکەوە بیگری جۆرە زمانێکە، بەڵام هەموو زمانێک نییە، بەم پێیە زمان قسە دەکات نەک نووسەر، بۆیە کە دەق لەدایک دەبێت، نووسەر دەچێتە خانەی مردووانەوە، خوێنەر جێگەی دەگرێتەوە، دەق بە خوێنەرەوە زیندووە، ڕۆلان پارت گوتەنی لەدایکبوونی خوێنەر لەسەر حیسابی مەرگی نووسەرە.

نووسەر کەسێکە سەروکاری دەگەڵ زماندایە و قەناعەتی وایە هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، زمان سەرچاوەی داهێنانە، خودی داهێنانە، شۆڕ بوونەوەیە بۆ قووڵایی نهێنییەکان، واتە ئەوزار نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی کەشفکارییە.

مەرگی نووسەر زیاتر بەو مانایەیە کە نابێت ژیننامەی نووسەر بکرێت بە پایەی دەلالەتە مانابییەکانی دەق، واتە ژیانی دەق گرنگە نەک ژیانی نووسەر، ژیانی هیچ دەقێک لە ژیانی دەقێکی دی ناچێت؛ دەقی کراوەم مەبەستە، کە دەگەڵ ماهیەتی بێکۆتایی زماندا تێک دەکاتەوە، سیحر و ئەفسوونی دەق لە تەکنیک، لە نیشانداندایە نەک لە گوتن؛ چۆن نیشاندان نەک چی نیشاندان! هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بگریت بە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە دروست دەبێت، ڕەخنەی ئەدەبیش بە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، کەواتە بابەتی ڕەخنە کەشفی زمان و لێکەوتەکانی زمانە، خاڵی سەرەکی ڕاز و ڕەمزەکانی دەقە نەک پەیامی دەق. ڕێک وەک چۆن پسپۆڕی زمان کاری بەمانای ڕستەوە

نییە، بەڵکوو دەیەوێت بنیادی فورماڵی ڕستەکە بدۆزێتەوە، ئەو بنیادەی کە زەمینە بۆ ئەو مانایە، بۆ بوونی ئەو مانایە خۆش دەکات. زمان لە دەرێی دەقەوە لە دەق بار ناکرێت، بەڵکوو لە ناوەوە و بە دەم بەدەق بوونەوە و بەگوێرەی پێویستی دەقەکە بەرهەم دێت، بۆیە دەبێت سەروکاری خوێنەر لەگەڵ خودی دەقدا بێت، نەک لەگەڵ شتی دەرێی دەق، بە کورتی و کوردی هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە.

زمان و بیر دوو ڕووی یەک دراون، دەق هەمیشە لە هەنبەر دەرک و فامدا مقاوەمەت دەکات، بۆیە خوێنەر دەبێت ئەمەی لەبیر بێت کە خوێندنەوە تەنیا کەشفی مانا نییە، بەڵکوو داهێنانی مانای تازەشە، هەڵبەتە زمانی ئەدەبی، لە هەر یاسا و ڕێسایەک هێوەتر دەڕوات. دەشێت ناوی میتازمانی لێبنرێت، نووسەر بەر لە هەر شتێک لە خەمی ئەو ئەو زارەدایە کە بەکاری دەبات، واتە لە خەمی زماندایە، زمان بۆ ئەو ئامانجی سەرەکییە، لە خەمی مانای بنجبڕ و یەکجارەکی دەقدا نییە، چونکە لە کاری ئەفراندندا دنیایەک مانا هەیە، تا نووسەر پتر بایەخ بە کەشفی زمان بدات بەرهەمەکەی پایەدارتر دەبێت، نووسین سیستمێکە کە لە نیشانان پێک دێت.

وشە نیشانەیە دەلالەت لە شتێکی دەرێی خۆی دەکات، بەم پێیە زمان ئامیان و بنەمای نووسینە، هەر چۆنێک بێت ژیان بۆخۆی جۆرە دەقێکە، هەرکەسە و بەجۆرێکی جیاواز دەیخوێنێتەوە و خوێندنەوەی بۆ دەکات، کەسیش ناگاتە دوا مەدلوولی ئەو دەقە، هەر مەدلوولە و خۆبەخۆ دەبێ بە دال بۆ مەدلوولێکی دیکە، ئیدی خوێندنەوەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، تەنانەت خوێندنەوەی یەک کەسیش لە قۆناغ و هەلومەرجێکەوە، بۆ قۆناغ و هەلومەرجێکی دی دەگۆڕێت، خوێندنەوە هەیە زۆر لامسەرلاییە، تەنیا بۆ لەزەتخوازی و زانینی ڕەوت و کۆتایی دەقەکەیە، خوێندنەوەش هەیە قووڵە، نەک هەر مەبەستی کەشفی مانا پەنهانەکانی دەقە، بەڵکوو داهێنانی مانای تازەشە، خوێندنەوە جۆرە ڕاڤە و تەئویلێکە لە دەقێکەوە بۆ دەقێک دەگۆڕێت، چونکە دوو دەقی سەدی سەد وەک یەک نییە، دوو خوێندنەوەی وەک یەکیش نییە.

دیارە کە بەرهەمی ئەدەبی لە هەمان کاتدا بە فرە مانایی بارگاوییە، ئەمە لە بێ توانایی و نەزانی خوێنەر نییە، بەڵکوو بەهۆی بنیادی دەقەکەوەیە، چونکە تەکنیک و ئەدەبیەت، ئەفسوون و ئامانجی ئەدەبە، بۆیە هیچ دەقێک لە دوو خوێندنەوەدا، چ لەلایەن دوو کەسی جیاوازەوە بێت، چ لەلایەن یەک کەسەوە (خوێنەر) بێت، هەمان دەق نییە.

خوێندنەوە بۆخۆی کارێکی بەرنامەدارە، مەبەست و ئامانجی زانین و دۆزینەوەی پێوەندییە هندورییەکانی ڕەگەزەکانی دەقە، واتە تەنیا خودی دەقەکە بابەتی خوێندنەوەکەیە، بەڵام ڕاڤە و تەئویل، زیاتر گەڕان و هەوڵی دۆزینەوەی ئەو دەقەیە کە لە پشت دەقە ئەسڵەکەوە پەنهانە، گەڕانە لە دووی بۆشایی و نەوتراوەکانی دەقە ئەسڵەکە، زەرووڕەتی خوێندنەوەی جیددی ئەمە دەخوازێت.

خوێندنەوە ڕێسایەکی زانستییانەی جێگیری نییە، لە هەر خوێندنەوەیەکدا بەکاربێت و دروستیش بێت، هەر خوێندنەوەیەک پەیوەستە بە هەڵبژاردن و داوەری خوێنەرەکەوە، دوو خوێندنەوە و دوو خوێنەری وەک یەکیش نییە، جا بەحوکمی ئەوەی ئەدەبیات لە بنەڕەتدا هونەرێکی زمانەوانییە و بە زمان و لە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە بەرجەستە دەبێت، بۆیە خوێنەر لە سەرێتی نەخش و ڕۆڵی

سەرەکی زمان لە گوتاری ئەدەبیدا بەهەند وەربگرێت و فەرامۆشی نەکات.

هەڵبەتە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانیش، دەوری گرینگ لە گۆڕینی مانای دەقەکەدا دەبینێت، بۆیە ئەوەی بۆ خوێنەری جیددی گرنگە خودی بەرهەم و دەقەکەیە، نەک ژیانی نووسەرەکەی، دیارە وشەی هەر زمانێک سنووردارە، ئەوەی قەرەبووی ئەم سنوورداریییە دەکاتەوە مانایە، کە سنووری نییە، هەڵبەتە هونەرە ڕەوانبێژییەکان، بەتایبەتی میتافۆر بەڵگەی ئەوەیە کە زمان بە تەنێ بەشی گەیاندنی مانا ناکات.

هەر دەقێک بەدەم بە دەقبوونەوە زمانی خۆی بەرهەم دێنێت و هەر دەقێک، دەقی پەنهانی لە پشتەوەیە، دەقی فیلیڤانی کرانەوەیە بەسەر بێ کۆتاییدا، دەق هەر لە چوارچێوەی دەلالەتی زمانەوانیدا ناوەستێت، بەڵکوو بۆ دنیای دەربڕینی ڕەمزی و سەمبۆلیک دەپەڕێتەوە، بۆیە میتافۆر ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە جەوهەر و کرۆکی دەق؛ ئەدەبیەت گەوهەری دەقە. بەم پێیە، بنەمای سەرەکی دەقی چیرۆکڤانی زیاتر زمانە تا گێڕانەوە بێت، هەڵبەتە زمانی ئەدەبی لە ڕێزمان و دەستوور و یاسا و ڕێسا زمانەوانییەکان هێوەتر دەڕوات و سەر بۆ ڕەمزییەت دەکێشێت.

هەر دەقێکی فیلیڤانی بگریت بە فرەمانایی بارگاوییە، بۆیە دەقی فیلیڤانی، دەقی والایە و بەڕووی چەندان جۆرە خوێندنەوە و ڕاڤە و تەئویلدا دەکرێتەوە. بەسەر بێ کۆتاییدا دەکرێتەوە، بۆ نموونە بەرهەمەکانی کافکا دەقی والان و چەندان جۆرە خوێندنەوە هەڵدەگرن، دەق کە بڵاوبووەوە لە خاوەنەکەی دادەبڕیت و لە وەرگر دەگەڕێت و خوێنەر خاوەنداریەتی دەکات؛ دەق بە خوێنەرەوە زیندووە، دەقی والا مانایەکی یەکجارەکی و بنجبڕ بەدەستەوە نادات، چونکە قەڵەمڕەوی مانایی دەقی والا یەجگار گۆنگە، بۆیە لە هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە، لەبەر ئەوە گومانی ئەوە هەیە کە نووسەر بەدەم پرۆسەی نووسینەوە هەمیشە خوێنەری گریمانەیی لەبیر و لە خەیاڵە، بەڵام هەرکە لە نووسین بووەوە، ئیدی دەستبەرداری خوێنەری گریمانەیی دەبێت، بەخۆی دەچێتە خانەی نەبووەوە، ئیدی پێوەندی لە نێوان دەق و خوێنەردا چێ دەبێت، واتە نووسەر لە هاوکێشەکە دەچێتە دەرەوە، لێرەدا دوو جۆرە دەق هەیە، دەقی داخراو و دەقی والا، لە دەقی داخراودا کە دەقێکی ئاسان فام، تاک ڕەهەند و تاک مانایە، خوێنەر پێوەی ماندوو نابێت؛ لەیەک مانا زیاتر هەڵناگرێت و لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تازە نابێتەوە، لەم حاڵەدا خوێنەری جیددی و داهێنەر چێ نابێت، بەندە لام وایە زۆربەی دەقی کوردی لە جۆری دەقی داخراوە، بۆیە خوێنەری جیددیمان زۆر کەمە و زیاتر خوێنەری بەکاربەرن تا خوێنەری بەرهەمهێنەر!! بەڵام دەقی والا، کە گۆنگ، سەختفام و فرەڕەهەند و مانایە، خوێنەری جیددی دەخوازێت و دروست دەکات، بۆیە دەگوترێت زیندوویەتی دەق بە خوێنەرەوەیە. دەقی فیلیڤانی ئەوەندەی سەروساختی دەگەڵ واقیعی مومکیندایە لەگەڵ واقیعی واقیعیدا نییە، هەوڵە بۆ ڕزگارکردنی ژیان لە واقیعی واقیعی، بۆیە بەئاسانی نایەتە پێناسەکردن و پێناسەپەزێر نییە.

هەر دەقێکی هونەری، یان ئەدەبی هامزا و جمکێکی لەگەڵدایە کە بە زەحمەت دێتە درک کردن و فامین؛ دەق هەمیشە لە هەنبەر درک و فامدا مقاوەمەت دەکات، زەرووڕەتی خوێندنەوەی جیددی و خوێنەری جیددی لێرەوە دەست پێ دەکات، لێرەدا خوێندنەوە دەکاتە جۆرێک لە نووسین، بۆیە دەگوترێت دەق بە خوێنەرەوە

زیندووه؛ له خوێندنەوەدا تازە دەبێتەوە، له خوێندنەوەشدا، ڕاڤە و تەئویلی خوێنەر، ماناسازە، هەڵبەتە نابێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت کە کەرەستەی هەرە کارا و سەرەکی دەق و گێڕانەوە زمانە؛ هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە، دیارە زمان تا ناڕاستەوخۆتر بێت، مەسەلەی نهێنی سازی و نهێنی دۆزی دەق، پتر بایەخ پەیدا دەکات، بە بۆچوونی هەندێ لە خودان نەزەران هەر جۆرە دەربڕین و گوزارشتێکی خوازەیی (مەجازی) قابیلی ڕاڤە و تەئویلە، بەڵام هەر خوازەیەک مانای ڕەمزی هەڵنەگرتووە.

ڕاڤە و تەئویلی دەق هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دنیای مانای باتینی و پەنهانی هەر دەقێک، واتە دۆزینەوەی ڕازە هوندورییەکانی دەق. دیارە خودی دەق بابەتی سەرەکی هەر ڕاڤە و تەئویلێکە و ڕاڤەکار دەبێت خۆی لە هەرجۆرە پێش داوەری و بەڵگەیەکی دەرێی دەق دوور بگرێت. دیارە هەر دەقێکیش، دەق و مانایەکی پەنهانی لە پشتەوەیە، دەقی فیلیڤانی دابڕانە لە ڕابوردوو، دابڕانە لە نووسەرەکەی، بۆیە هەرجۆرە هەوڵێک بۆ ناسینی دەق لە میانی ژیانی نووسەرەکەیەوە هەوڵێکی ناکام و بێهودەیە، ڕاڤەی دەق، دۆزینەوە و کەشفکردنی مانا پەنهانەکانیەتی.

لێرەدا نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین کە هایدیگەر گوتەنی زمان قسە دەکات. هیچ شتێک لە دەرێی زماندا نییە؛ ڕاڤە (تەئویل) لەوەوە سەرچاوە دەگرێت و دەست پێ دەکات کە زمان هەمیشە لە خۆی هێوەتر دەڕوات، بەرهەمی هونەری قسە دەکات، ئیدی ئەرکی خوێنەر و ڕاڤەکارە کە مانای ئەو قسەیە ئاشکرا بکات کە دەقە هونەرییەکە دەیکات و لە تێگەیشتنی خۆی و خەڵکی نزیک بکاتەوە، هیچ خوێندنەوە و ڕاڤەیەکیش حوکمی حاکم و بنجبڕ نییە، بەڵکوو قابیلی تەمیز و تێ هەڵچوونەوەیە.

زۆرجار ڕێکەوتووە پەیمان بە مانای دەقێک نەبردووە، یان لە هەر خوێندنەوەیەکیدا، گەییوینەتە مانایەکی نوێ، بەڵام ئەم پەی نەبردنەی ئێمە بەمانای دەق، بەڵگەی ئەوە نییە کە دەقەکە مانای نییە، بەڵکوو بەڵگەی ئەوەیە کە مانا بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات.

دەق هەمیشە لە هەنبەر درک و فاما مقاوەمەت دەکات، وەک ئاماژەمان کردێ بەرهەمی هونەری قسە دەکات، بۆیە لەم پێودانگەوە خوێندنەوە و ڕاڤە (تەئویل) دەکاتە گفتوگۆ لە نێوان خوێنەر و دەقدا، بەرهەمی هونەری/ دەق قسە دەکات، لێرەدا مەسەلەی زمان دێتە ئاراوە، ئامانجی زمانی ئاسایی و ڕۆژانە پێوەندییە، واتە ئامرازی پێوەندی و کەمکردنەوە و نەهێشتنی گۆنگی و ئیبهامە، ئامانجی زمانی زانستی گەیشتنە بە تاک مانایی؛ یەک کۆ یەک = بە دوو، ئەمە هیچ چەندوچوونێک هەڵناگرێت، بەڵام زمانی ئەدەبی/ میتافۆری لە خەمی گەیشتن بە تاک مانایی نییە، بەپێچەوانەوە، سەفەرێکی ئەفسووناوییە بەناو فرەماناییدا، خوێنەر سەروکاری لەگەڵ نووسەردا نییە، چونکە لەکاتی نووسینی دەقدا خوێنەر غایبە و لە کاتی خوێندنەوەدا نووسەر غایبە، بۆیە گفتوگۆی خوێنەر لەگەڵ دەقدایە، نەک لەگەڵ نووسەردا، لەم حاڵەدا نووسەر دەچێتە خانەی مردووانەوە؛ دەق زیاتر سەروکاری دەگەڵ جیهانی مومکیندایە تا لەگەڵ جیهانی واقیعدا، هەر دەقێکی فیلیڤانی جیهانی مومکینی خۆی دەئافرێنێت، بۆیە خوێندنەوە دەکاتە کەشفی مانا و داهێنانی مانای تازە.

ئیدی گوتوبێژی خوێنەر و دەق، گفتوگۆی نێوان دوو بوونەوەرە و بەینی خوێنەر و کارەکتەرانی دەق، زۆر پتەوتر و نزیکترە لە هی نووسەر و

کارەکتەرانی دەق، خوێنەر هێندەی عەودالّی واقیعی مومکینە، عەودالّی واقیعی واقیعی نییە، خوێندنەوە ڕۆچوونە بە قوڵایی دەقدا، دەق لە هەر خوێندنەوەیەکدا تازە دەبێتەوە؛ وەک ئەوەیە دەقێکی تازە لەدایک بووبێت.

هەر دەقێک لە ڕێگەی زنجیرەیەک ڕستەوە، دنیای تایبەتی خۆی دەئافەرێنێت و هەر ڕستەیەکیش لە خۆی هێوەتر دەڕوات، دەلالەت لە شتێک، یان چەند شتێکی دەرێی خۆی دەکات، هەرجارە و ئاسۆیەکی تازە دەئافەرێنێت، هەڵبەتە خوێنەر بەگوێرەی مەزەندە و گومانەکانی خۆی مامەڵە لەگەڵ مانای دەقدا دەکات، ئازادە لەوەی کە پێشبینی چ ئاییندەیەکی بۆ دەکات، واتە خوێنەر لە داهێنانی مانای دەقدا بەشداری دەکات، خوێندنەوە بەبۆچوونی هەندێک لە خودان نەزەر و شارەزایان دەکاتە سەفەرێکی زەینی بە دنیای دەقدا.

هەر سەفەرێکی تازە، دەکاتە کەشف و دۆزینەوەی دنیایەکی تازە، ئیدی لە ئەنجامی کار و کاردانەوەی هەندوری نێوان زەینی خوێنەر و دەقەکە، مانا پەنهانەکانی دەق کەشف دەبێت، دەق، لە ئاستی درک و فاما مقاوەمەت دەکات؛ بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، پڕە لە بۆشایی هونەری، نەوتەنی و چەمک و ماناییەن پەنهان و گۆنگی فیلیڤانی، کە خوێنەر، بە مەزەندە و گومانی خۆی کەشفیان دەکات، بۆیە دەگوترێت دەق لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا، تازە دەبێتەوە، لەدایک دەبێتەوە، هەڵبەتە تازەبوونەوەی دەق و زەینی خوێنەر و ڕاڤەکار ڕەگیان لە فرەمانابیدایە، بۆیە دەقی باش پێویستە خوێنەر بگۆڕێت، بەم پێیە دۆزینەوە و داهێنانی مانای دەق لە ئەستۆی خوێنەردایە.

هەڵبەتە هیچ خوێندنەوە و ڕاڤەیەکیش حوکمی حاکم نییە، نە بنجبڕە و نە کۆتا خوێندنەوەیە، هیچ بەرهەمێکیش، هونەری کۆپی کردنەوەی دنیا نییە و دەقی هونەری بەوە قایل نابێت؛ چونکە ئاکامی ئەمە گەیشتنە بە تاک مانایی! کە هەرگیز لەگەڵ ڕەوت و تەبیعەتی دەقی فیلیڤانیدا تێک ناکاتەوە؛ ئیستێتیکا و ئەدەبیەتی دەق ڕەگی لە فرەڕەهەندی و فرەمانابیدایە و چاوەڕوانی کەسێکە کە بیخوێنێتەوە، چاوەڕوانی خوێنەرە. هونەر لاسایی ژیان ناکاتەوە، دەبێت ژیان لاسایی هونەر بکاتەوە؛ دەقی فیلیڤانی سەروکاری دەگەڵ دنیای مومکیندایە نەک دنیای واقیعی، جا دۆزینەوە و کەشفی مانا پەنهانەکانی دەق، داهێنانی مانای تازە بۆ دەق، هەرگیز بە مانای کەشفی ناخودئاگای نووسەر نییە، بەڵکوو کەشفی ناخودئاگای دەقە، گفتوگۆی خوێنەر لەگەڵ دەقدایە، نەک لەگەڵ نووسەردا. کەرەستەی سەرەکی دەقی ئەدەبی زمانە، هایدیگەر گوتەنی زمان قسە دەکات؛ لە ڕێگەی زمانەوە مانا ئاشکرا دەبێت و مانای تازە دەدۆزرێتەوە.


**بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:**

١ - ساختار و تاویل متن، بابک احمدی، نشر مرکز، تهران، چاپ چهارم، ١٣٧٨.

٢ - البنيوية وعلم الاشارة، ترنس هوكز، ترجمة مجيد الماشطة، مراجعة: د. ناصر حلاوي، الطبعة الاولى، بغداد، ١٩٨٦.

٣ - عصر البنيوية من ليفي شتراوس الى فوكو، اديث كيرزويل، ترجمة: جابر عصفور/ بغداد، ١٩٨٥.

٤ - الاسلوب والاسلوبية، غراهام هوف، ترجمة: كاظم سعدالدين، بغداد، ١٩٨٥.